# هەميشە ئەڤينى يەكلايەنە ..!

## نورەدين وەيسى

لەهەڤديتنێكدا دەگەڵ گۆوارى (الصوت الاخر)ديپلۆماتكارى پێشووى ئەمريكايى پيتەر گالبرێس دەڵێ (ئەگەر جۆرج بوش لەدەرەوەى ئەمريكا خۆى هەڵبژێرێ ، تەنها لەكوردستاندا دەردەچێ )1 ..!,پێموانييە ئەوكابرايە كە گۆوارەكە بە شارەزاو ((خەبير))يش ناوى بردووە هەروا بەگۆترە ئەو قسەيەى لەزارى دەرچووبێ ,بۆيە جێى لێ وردبوونەوەيە.

مێژووى پەيوەندى كورد وئەمريكا - ئەگەر بشێ ناوى بنێين پەيوەندى – جگە لەوەى كۆن نييە بەداخەوە دڵخۆشكەريش نييە , رژێمەكانى توركياوعێراق وئێرانى شا بەپشتيوانى وهاريكارى سەربازى و لۆجستى ئەمريكا خەريكى كوردقڕان بوون، ساڵى 1974 ئەو هێنرى كيسنجەرەى ئێستا داواى دابەشكردنى عێراق دەكا لەسەر خوێنى كورد شاباشى لێدەدا وعێراق وئێرانى لەسەر حيسابى خوێنى كوردان ئاشت كردەوە، ئاشكراشە دواى كيمياباارانكردنى هەڵەبجە وئەنفالەكان چۆن ئەمريكا نەيهێشت بايكۆتى ئابوورى بخرێتە سەر رژێمى بەعس ولەساتەوەختى راپەڕينيش بوشى باوك گلۆپى كەسكى بۆ سەدام پێكردو لەخەڵكى عيراق وكوردستانى بەردا.

بيرمەندى نێودارى ئەمريكايى نوام چۆمسكى دەڵێ(( ئەوەى زۆر بەلاى منەوە جێگاى سەرنجە توركيايە, هەنووكە هێزێكى تركان لەسەر داواى ئەمريكاوبەنێوى ئاشتى پارێزييەوە لەئەفغانستانەبۆ شەڕكردن دژى تێرۆر، توركيا يەكەمين دەولەت بوو كەئامادەيى نيشاندا سەربازەكانى بنێرێتە ئەفغانستان، دەزانن بۆ؟ چونكە ئەمريكاش لەم چەند ساڵانەى دواييدا تاكە دەولەت بوو كەئامادەبوو يارمەتييەكى بێ وێنەى رەفتارە تێرۆريستى ودرندانەكانى توركيا بدات لەدژى كورد لەباشوورى خۆرهەڵاتى توركيادا كەبەمليۆنان كەس لەماڵەكانيان وەدەرنران وهەزاران گونديش خاپووركران ورەنگە دەيان هەزار كورديش كوژرابن , واتا توركيا بەيارمەتى ئەمريكا كارى تێرۆريستى وايكردووە كەلەعەقڵ بەدەرە))2.

راستە ئەمريكا كارێكى فرەخاسى كرد رژێمى بەعسى رووخاند كەمايەى سوپاسگوزارييە , لێ بێگومان ئەوكارەى لەبەرخاترى چاوى كوردان نەكردووە , بۆيە ئەو زێدەڕۆييەى خەڵكى كوردستان لەنيشاندانى خۆشەويستى بەرامبەر ئەمريكا نەك هەرمايەپووچە بەڵكو مايەى شەرمەزاريشە.

قسەيەك هەيەو وابزانم هى ونستۆن چەرچلى سەرەك وەزيرانى پێشووى ئينگليزە كە دەڵێ (( لەسياسەتدا دۆستايەتى ودوژمنايەتى هەميشەيى نييە بەڵكو بەرژەوەندى هەميشەيى هەيە )) بۆيە كورديش دەبێ لەوگۆشەنيگايەوە هەڵوێست لەئەمريكا ياهەر لايەنێكى دى وەربگرن , نەك ئەڤينى يەكلايەنە بكەن وەك ئێستا بەرپرسيارانى كوردستان دەگەڵ ئەمريكاو عارەب وعيراقدا دەيكەن.!

ئەگەر لەديرۆكى سياسەتى ئەمريكا لەدرێژايى سەدەى رابردوودا رامێنين دەبينين ئەم سياسەتە بەدەگمەن نەبێ دەنا هيچ پێوەرێكى مۆراڵى رەچاونەكردووە، بۆيە بەڵێن وقسە سەرزارييەكانى ئەم وڵاتە - ئەگەر بيدەن – جێگەى باوەڕ نييە ونابێ خەڵكى كوردستانيش هێندە خۆشباوەڕبن بە هەندێ قسەى

ئەمریکاییەکان کەزۆر ناباو پێچەوانەکەی دەکەن ، هەرچەند رۆژێك دوای سەردانی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ریچارد ئارمیتاج بۆپیرمام وئەودەهۆڵ وزورنایەی راگەیاندنی پدك بۆسەردانەکەوبەناو((هاوپەیمانێتی کورد وئەمریکا))یان لێدا هەڵکۆپتەرەکانیان پەلاماری هەولێریانداو مخابن ئەورووداوەش زۆر بەبێ دەنگی وراگوزەرانە بەسەر خەڵکی هەولێروکوردستاندا تێپەڕی وجگە لە دەرکردنی چەند بەیاننامەیەکی کرچ وکاڵ هیچ پرۆتستۆو نارەزاییەکی شایانی باسکردن نەبینرا, هەر لەم رۆژانەشدا باڵیۆزی ئەمریکی لەئەنکارا بەئاشکرا هاوهەڵوێستی وڵاتەکەی لەگەڵ تورکیا نیشاندا وزۆر راشکاوانەش دانی بەوەدا نا کەئەمریکا رێگرە لەبەردەم گەڕانەوەی کەرکوك وناوچە کوردستانییەکانی تر بۆسەر کوردستان3 , ئیدی ئەو هەموو خۆشەویستیەی خەڵکی کوردستان بۆ ئەمریکاییەکان لەپای چی کەوەك بیستومە کار گەیشتۆتە ئەوەی ئێستا هەندێ کچ وکوڕی سلێمانی وێنەی بوش و ئاڵای ئەمریکایان لەسەر قۆڵ وباسکی خۆیان نەخشاندووە.!

کاشکا خەڵکی کوردستان دەیانزانی ئەو سەربازە ئەمریکاییانەی ئێستا لەکوردستاندا شا بەسەپانی خۆیان راناگرن ونازوفیز بەسەر خەڵێکدا دەکەن کێن وچین ولەپێناوی چیشدا هاتوون ,دڵنیام بەشی زۆریان هێندە نەخوێندەواربێ سەوادن گێزەرو گونی خۆیان لەیەك ناکەنەوە وتەنها لەپێناو پارەشدا هاتوون کەلەداهاتی کوردستان ولەنەوتی دزراوی کەرکوکدا لووشی دەدەن وهاوهەڵوێستی رژێمێکی تێرۆریستی وەك تورکیان کە وێڕای داگیرکردنی بەشێکی گەورەی کوردستان مرخی خۆشی لە کەرکوك وناوچە کوردستانییەکانی تر خۆشکردووە, کەچی مخابن ئەو پۆستاڵ لەپێیانەی ئەمریکا هێندە لای خەڵکی کوردستان زاناودانان وانەی دیموکراسی وشارستانییەت بەخەڵکی دەڵێنەوە ، ماوەیەك بوو سەرنجمدابوو بەدەگمەن رۆژنامەو گۆڤارێکی کوردستانم دەدی کە چالاکی وکۆڕوسیمیناری ((هاری شۆت))ناوێك بڵاونەکەنەوە کەبە جلی سەربازییەوە وانەی کۆمەڵگەی مەدەنی بەخەڵکی ئێمە دەوتەوە ، بگرە دەمی لەهەموو باس وخواسێك وەردەدا..!

من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە ئیدی خەڵکی کوردستان دەبێ لە ئەمریکاییەکان راپەڕن ,بەڵکو گەرەکمە بڵێم دەبێ بەزمانێکی سیاسی وپراگماتیانە نەك عەشایەری ورۆمانسی وپەرچەکردارییانە مامەڵە دەگەڵ ئەمریکادا بکەین , لەهەمووشی گرنگتر دەبێ خۆشمان لەو وەهم وخەیاڵپڵاوییەش رزگار بکەین کە پێی وایە سەربەخۆیی کوردستان وبەئامانج گەیشتنی کورد لەسەر گلۆپی کەسك و رەزامەندی ئەمریکا راوەستاوە ، راستە نکۆڵی لەوە ناکرێ کە هاریکاری وپشتیوانی ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەولەتی فاکتەرێکی زۆر گرنگە , بەڵام بەر لەهەموو شتێك بەندە بە هەڵسوکەوت ورەوتاری دەسەڵاتتدارانی کوردستان کە ئەفسوس نەك هەر مژدە بەخش نەبووەو نییە بگرە زۆر دراماتیکی وکارەسات هێنیشە.

1- الصوت الاخر ژ 30
2- POWER AND TERROR, post-9/11 talks and interviews NOAM CHOMESKY, edited by John Junkerman and Takeki Masakazu, New York 2003.
3- سایتی پەیامنێر 1/7 , شایانی باسە لای بەشی ئینگلیزی ئەم وێبسایتە باشووری کوردستان Northern Irak ە..!

nuradinwaisi@hotmail.com